کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – دەزگەی ڕاگەیاندن
**Kurdistan National Congress (KNC)**
**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

خەبات بکەین بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ!

# (٢)ی ڕێبەندان

## ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان پیرۆزبێت!

بەبۆنەی هاتنی (٢)ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستانەوە، پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی هەموو نیشتمانپەروەران و، تێکۆشەرانی ڕاستینەی ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستان و ، تێکڕای نەتەوەی کورد دەکەین.

دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد و هاوبیرانییەوە، ئامانج و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی ڕێبەرانی کۆمار، هەتاکو ئەمڕۆش ڕێنوێن و ڕێپێشاندەری پێڕەوانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانن.

یەکێک لە وانە بەنرخەکانی کۆمار کە بۆمان بەجێماوە ئەوەیە، نەتەوەی کورد تەنیا لەسایی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردستانی و سەرۆکایەتییەکی نەتەوەیی و کارزان و دڵسۆزدایە کە دەتوانێت پێشبکەوێ و، لەهەموو بوارەکانی پەروەردە و، سیاسی و ئابووریدا گەشە و پەرەبستێنێ و، خۆی بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان.

**پیرۆزبێت یادی (٦٥) ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان!**

**بژی (٢)ی ڕێبەندان، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – دەزگەی ڕاگەیاندن**

22/1/2011

**www.rojavatv.org.uk**
**post@kncsite.com**
**www.kncsite.com**
**knc@ribrahim.de**
**0044 – 208 748 78 74**
**0047 – 9383 99 53**
**wka@knc.org.uk**